چەند لادان و خزانێك لەڕێی فێربونی زانست دا

بەشی یەکەم

م. جمعة علي خورشيد

بسم الله الرحمن الرحيم

سەرەتا:

خـوای گـەورە کـاتێ قورئـانی پـیرۆزی دابەزانـد بـۆ بەنـدەکانی بەهـەموو ئـەو رێنمونی و چاکە کاریەی کە تیایدایـە ، بـۆ ئـەوەی رێگـای ڕاسـت بگـرن ، ئاگـاداری بەندەکانی خۆی کردۆتـەوە لـە دوژمنێکـی سەرسەخت و بەرهەڵستکارێکی بەردەوام و نەیارێکی نەفرین لێ کراو ، کە لـە یەکـەمین جارەوە هەڕەشەی کردوە وەچەی ئـادەم سەرلێشـێواو بکـات ، وە بەردەوامـە لـەم دوبەرەکیـیە، بـۆ ئـەوەی لـەڕێگای ڕاسـت لایاندات وبیان خزێنێ .

وە خوای پەروەردگار هەواڵی پێداوین لە قورئانی پیرۆزدا ، کە ئیبلـیس جـارێ فێڵ و تەڵەکەی داوە دژی ئادەمیزاد:

{قَـالَ فَبِمَـا أَغْـوَيْتَنِي لَأَقْعُـدَنَّ لَهُـمْ صِـرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ}[1]

{قَـالَ رَبِّ بِمَـا أَغْـوَيْتَنِي لَـأُزَيِّنَنَّ لَهُـمْ فِـي الْـأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ}[2]

واتە: شەیتان وتـی: ئـەی پـەروەردگارم بە هۆی ئەوەی کە تۆ منت سـەر لێ شـێواو کرد – بە هۆی یاخی بـوونم لـە فـەرمانت–

[1] (الأعراف:١٦)

[2] (الحجر:٣٩)

گوناهیان بۆ ئەڕازێنمەوە لەسەر زەوی ، وە هەر هەموویان سەرگەردان ئەکەم تەنها بەندە پاك و پوختە کراوەکانت نەبێت .

(قَالَ أَرَأَيْتَكَ هَذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إِلَّا قَلِيلًا)[3]

واتە شەیتان وتی : دەبینی ئەو بەدیهێنراوەی کەڕێزت داوە بەسەرما ، ئەگەر بمهێڵیتەوە تاڕۆژی دوایی ، زاڵ دەبم بەسەر وەچەکانیدا بەگومڕا کردنیان، تەنها کەمێکیان نەبێت ! .

ئیمامی (ابن القيِّم) ئەڵێت :

﴿ئەو ڕێگایانەی ئینسان دەیانگرێتە بەر چوارن پێنجەمیان لەگەڵدا نیە :

١-جارێك بەلای ڕاست ئەڕوا ،٢جارێك بەلای چەپدا ، ٣- جارێك بەرەو پێشی،٤- جارێك بەپاشدا ئەگەڕێتەوە .

وەهەر ڕێگایەك لەم ڕێگایانە بگرێت ئەبینێت شەیتان کەمینی بۆ داناوە ، جا ئەگەر یەکێ لەم ڕێگایانە بگرێتە بەر بۆ چاکە ، ئەوە شەیتان خاوی ئەکاتەوە و بۆی زەحمەت ئەکا ، وە ئەگەر ڕێگا بگرێت بۆ خراپەو سەرپێچی وگوناە ، ئەو کاتە شەیتان هانی ئەدات و خزمەت کاری ئەبێت و هاوکاری ئەکا و هیوادارە ئەکات ﴾[4] .

وە لەو کارە چاکانەی مرۆڤ بۆ ئەنجام دانیان ڕێگا دەگرێتە بەر، فێربونی زانستی شەرعی و تێگەیشتنە لە دین ، بەڵام دەبینین بە هەمان شێوە لەو ڕێگایەشدا - واتە لەڕێگای زانست فێربوندا - شەیتانی نەفرین لێکراو کەمینی داناوە بۆ پێ خلیسکاندنی فێرخوازانی ڕێگای زانستی شەرعی .

وە بۆ وریا بون لەداوەکانی شەیتان و پچراندنیان ، ئەوە بە یارمەتی خوا هەندێ لەو مەترسیانەی کە توشی شوێن کەوتوانی زانستی شەرعی دەبن ئەخەینە ڕوو .

وە جێی داخە کە زۆربەی ئەوانەی ئەم ڕێگا پیرۆزەیان گرتۆتە بەر، مەترسی ئەوەیان لێ ئەکرێ کە توشی پێ خزین ببن ، بەڵکو زۆریشیان تووش بون .

وە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان و زیاد بوونی خراپەکاری ، ئەم نەخۆشیانە پەرەیان سەندوە و زیانەکەشیان بەڵاو بۆتەوە . بۆیە بە پێویستی ئەزانم

[3] (الاسراء:٦٢)

[4] إغاثة اللهفان ١/١٠٤

ئامۆژگـاری خـۆم و برایـانم بکـەم لـەم ڕوانگەیـەوە . وە لـەخوای پـەروەردگار داواکـارم کـە سـودی لێ ببینـم و خوێنـەری بـەڕێزیش سـودی لێ وەرگرێـت ، وە لـەو کارانەی بگێڕێت کە تایبەتن بۆ ڕەزامەندی ئەو.

خزانی یەکەم :

فێربوون بۆ مەبەستی دونیایی

خوای پەروەردگار لەچەندەها شوێنی قورئانـدا سەرزەنشـتی ئـەو کەسـانەی کـردووە کـە مەبەسـتیان ئـەو نـەبێت لەکردەوەکانیاندا ، وە بێداری کردوینـەوە لەوەی کە پاداشتیان نیە لای ئەو ، پێیـان ئـەووترێت : بـڕۆن پاداشـتی خۆتـان لـەو کەسـانە داوابکـەن و وەریگـرن کـە لـە پێناویاندا ئەو کارەتان ئەنجام داوە .

وە پـەروەردگار پاکـەو کردەوەیـەك وەر ئەگرێت کە پاك بێت ومەبەست ڕەزامەندی ئەو بێت لەئەنجامدانیدا.

خوای پەروەردگار ئەفەرموێت :

(مَنْ كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِ وَمَنْ كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ نَصِيبٍ) [٥] .

واتە : هەرکەسێ پاداشتی دواڕۆژی ئەوێ ، پاداشـتی بـۆ چـەند جـارە ئەکـەین وە هەرکەسـێ مەبەسـتی خۆشـی و لـەزەتی ڕابـواردنی دونیابێـت ، ئەیـدەینێ بـەگوێرەی ویسـتی خۆمـان بـەلأم لەدوواڕۆژدا هیچ بەش وپاداشتی نیە.

وە ئەفەرموێت :

(مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَنْ نُرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلَاهَا مَذْمُومًا مَدْحُورًا ، وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُورًا) الإسراء ١٨

واتـە : هەرکەسـێ مەبەسـتی بەکردەوەکانی دونیا بێت ، ئەوە ئێمە هەر لە دونیادا پاداشتی ئەدەینـەوە بـەگوێرەی ویستی خۆمان ، بۆ ئەو کەسەی بمانەوێ ، لە پاشـان ئەیخەینـە نـاو دۆزەخـەوە ، بـۆ ئـەوەی سـزای خـۆی وەرگرێـت ، بەسـەر شۆڕی و دوور خراوەیی لـە بـەزەیی خـوای

[٥] (الشورى: ٢٠)

خـاوەن بـەزەیی وە هەرکەسـێ مەبەسـتی پاداشـتی دوا ڕۆژبێـت و هـەوڵی بـۆ بـدات بەئیمانـەوە ئـا ئەوانـە هـەوڵ وکۆششـیان جێی سوپاسەو وەرگیراوە . بـەبێ ئـەوەی بەشی دونیاشیان لەدەست بچێت.

وە (أبوهريرة)ﷺ :ئەفەرموێت پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی لە فەرمودەیەکی قودسیدا : خـوای گـەورە فەرمویـەتی : (أنـا أغـنى الشركاء عن الشرك؛ فمن عمل عملاً أشـرك فيه معي غيري ، تركته و شركه)[٦] .

واتە: من بێ پێویست تریـنی هاوبەشـانم و پێویستیم بەشەریکایەتی و هاوبەش نیـە هەرکەسێ کردەوەیەکم بـۆ ئـەنجام بـدات و کەسێك بکـات بەهاوبـەش لەگەڵمـدا لـەو کردەوەیـەدا ، ئـەوە مـن بـەریم لـەو کردەوەیە وئەوکردەوەیە بۆئەو کەسەیەکە کردویەتی بە هاوبەشم .

وە پێغەمبـەر ﷺ فەرمویـەتی:(من سَّمع سَمَّع اللهُ به ، ومن يُراء يراءِ الله به)[٧]

وە ڕیایی (الريـاء): بریتیـیە لـە نیشـان دانی کارە چاکەکانی بەخەڵکی بـۆ ئـەوەی بەگەورە و چاکی دابنێن و ڕێزی لێ بگرن

بـا ورد بینـەوە لـەوەی کـە چـۆن پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ هۆشیارمان ئەکاتەوە لەم ڕەنج بە زایەچونە :

(أبوهريرة ﷺ) فـەرمووی : گـوێم لێ بـوو پێغەمبەری خـوا ﷺ ئـەی فـەرموو (إنَّ أوّلَ الناس يُقضى يوم القيامة عليه رجـلٌ استشـهد فأُتي به فعرَّفه نعمه فعرفها ، قال : فما عملـت فيها ؟ قال: قاتلت فيك حـتى استشـهدت ، قال : كذبت ، ولكنك قاتلـت لأن يُقـال : جريء ، فقد قيل ، ثم أُمر به فسُـحب علـى وجهه حتى أُلقي في النار .

ورجلٌ تعلَّم العلم وعلَّمه ،و قـرأ القـرآن ، فأتى به ،فعرفه نعمه ، قال : فما عملت فيهـا ؟ قال : تعلمت العلم و علمته ، و قرأت فيك القرآن ،قال كذبت ،و لكنك تعلمت ليُقـال : عالم ، و قرأت القرآن ليقال : قاريء ، فقـد قيل ، ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقـى في النار .

و رجل وسـع الله عليـه ، و أعطـاه مـن أصناف المال ، فأتي به فعرفه نعمـه فعرفهـا ، قال : فما عملت فيها ؟ قال: ما تركت مـن سبيل تُحبُّ أن يُنفق فيها إلا أنفقتُ فيها لـك ، قال كذبتَ ، ولكنك فعلـت ليقـال :هـو

[٦] صحيح مسلم (٢٩٨٥)

[٧] خ(٦٤٩٩) م(٢٩٨٦)

جوادٌ، فقد قيل،ثم أمر به فسحب علىوجهه ثم أُلقي في النار)٨ .

واتە : یەکەمین کەسانێك کە دادگایی ئەکرێن لە ڕۆژی دوایی دا ، پیاوێکە شەهید بووە ، ئەیهێنن ، خوای گەورە نیعمەتەکانی ئەهێنێتەوە یاد ، ئەیزانێ و دانی پێدا ئەنێ پێی ئەڵێت: چیت پێ کرد ؟ ئەڵێ : جەنگام لەپێناوتا تاوەکو شەهید بووم ، ئەفەرموێت : درۆت کرد بەڵام تۆ جەنگای بۆ ئەوەی بووترێ : ئازاو بەجەرگە ، وە ئەوەی مەبەستیشت بوو پێت وترا ! لەپاشان فەرمانی کرد پەروەردگار ، ڕاکێشرا لەسەر ڕووی تاوەکو فڕێ درایە ناو دۆزەخ.

وە پیاوێك ئەهێنن کە فێری زانیاری بووە وە گەیاندوێتی بە کەسانی تر ، وە قورئانی خوێندۆتەوە ، خوای پەروەردگار نیعمەتەکانی ئەهێنێتەوە یاد ئەویش ئەیزانێ و دانی پێدا ئەنێ ، پێی ئەڵێت : چیت پێ کرد ؟ ئەڵێ : فێری زانیاری بووم و خەڵکیشم فێر کرد ، وە لە پێناوتدا قورئانم خوێندەوە ، ئەفەرموێت : درۆت کرد ، بەڵکو فێری بووی بۆ ئەوەی پێت بڵێن زانا ، وە قورئانت خوێندەوە ، بۆ ئەوەی پێت بووترێ: خوێندەوار ! وە وترا ، لەپاشان فەرمانی کرد پەروەردگار ، ڕاکێشرا لە سەر ڕووی تاوەکو فڕێدرایە ناو دۆزەخ .

وە پیاوێك خوای گەورە دەوڵەمەندی کردبوو ، وە مالّی زۆری پێ بەخشیبوو ئەیهێنن ، خوای پەروەردگار نیعمەتەکانی ئەهێنێتەوە یاد ، ئەویش ئەیزانێ دانی پێدا ئەنێ پێی دەفەرموێ : چیت پێ کرد ؟ ئەڵێ: هیچ ڕێگایەکم نەهێشتەوە کەتۆ پێت خۆش بێت مالّی تێدا ببەخشرێت ، مالّم تێدا بەخشیوە لەپێناوتدا . ئەفەرموێت : درۆت کرد ، بەڵام بەخشیت بۆ ئەوەی بووترێ : بەخشندەو بەدڵە ! وە وترا ، لە پاشان فەرمانی کرد پەروەردگار ، ڕاکێشرا لە سەر ڕووی تاوەکو فڕێدرایە ناو دۆزەخ .

لە سودەکانی ئەم فەرموودەیە :

١- ڕیایی و مەرایی کردن تەنها لە دونیادا پاداشتی لەسەرە ، ئەویش بەپێدا هەڵدانی خەڵکی ، وە لەدوا ڕۆژدا لەسزا بەولاوە هیچی تری لە سەر نییە.

---

٨ رواه مسلم

٢- مانەوەی سەر شۆڕی و بێ ڕێزی بۆ ڕیاکاران ، بەوەی کە ڕائەکێشرێن بۆ دۆزەخ لەسەر ڕوو لەکاتێکدا کە ڕوو جێی ڕێزە ! .

٣- وە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە ڕیا کردن - کە ئەبێتە هۆی پووچ بوونەوەی کردەوەکان- زۆر نزیکە لە ئادەمیزادەوە بەتایبەتیش لە ڕێگای فێر بونی زانست و مالّ بەخشین و جیهاد کردندا .

وە ڕیاکردن لە زۆر بەی کردەوە چاکە کاندا دەردەکەوێت ، بەڵام ئەوەی لێرە جێی مەبەستە ، ڕیایی زانستییە .

وە لەم بارەیەوەش پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری کردوینەوە لەچەندین فەرموودەدا ، لەوانە :

(لا تتعلّموا العلم لتباهوا به العلماء ، ولا لتماروا به السفهاء ، ولا لتحيزوا به المجالس فمن فعل ذلك فالنار النار)[٩].

واتە : فێری زانست مەبن بۆ شانازی کردن بەرامبەرزانایان ، ونە بۆ ئەوەش مشت ومڕ بکەن لەگەڵ نەزانان ، وەنە بۆ ئەوەش جێی تایبەتیتان هەبێت لەناو کۆڕو کۆمەڵدا ، هەرکەسێ ئاوەها بکات ئەوە شایستەی ئاگری دۆزەخە و ئاگری بۆ هەیە.

هەر بۆیە یەکەمین کەسانێك کەسزا ئەدرێن ئەوزانایانەن سودیان لەزانیاری یەکانیان وەر نەگرتوە بۆ خۆ پارێزی لە ڕیاو نیەت و مەبەست بونی غەیری خوا، وە ئەو کەسانە لەهەموکەس زیاتر پەشیمان ئەبن لەدواڕۆژدا ، چونکە بواری خۆڕزگار کردنیان هەبوو ، بەڵام لەدەستیان داو بەبێ نرخ لەدەستیان دەرچوو

ئیمامی سوفیانی ثەوری لەگەڵ وەرع و ترسانی لە پەروەردگار ، ئەیفەرموو :

هیچ شتێکم چارە سەر نەکردووە زەحمەت تر بووبێت لام لەنییەت ! .

ئەمە سوفیان ! ئەی ئەبێ حاڵی ئێمە چۆن بێت! . بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداربین ، نیازو مەبەستمان پاك بکەینەوە لە کارەکانماندا، بەتایبەت لە بەشوێن زانست گەڕاندا ، ئەبێ تەنها بۆ ڕەزامەندی خوای خاوەن دەسەڵأت بێت.

ئیمامی نەوەوی-ڕەحمەتی خوای لێ بێت-لە شیکردنەوەی فەرموودەی : (إنّما الأعمال بالنيّات)دا ئەڵێت : موسوڵمانان یەك دەنگ و کۆڕان لەسەر گەورەیی و زۆر

[٩] أخرجه الحاكم من هذا الوجه وصححه ووافقه الذهبي والألباني.

سـود بەخشـی ئـەم فەرموودەیـە ، وە ئیمامی شافعی و زانایانی تـر فەرموویانـە : چواریەکی ئیسلامە .

(عبد الرحمن) ی کوڕی مەهدی ڕەحمـەتی خوای لێ بێت ئەڵێت :

پێویستە لەسەر هەرکەسێ کـە کتێبێـك بنووسـێ ، بـەم فەرموودەیـە دەسـت پـێ بکات ، لەبەر بێدار کردنەوەی فێرخـواز بـۆ ڕاسـت کردنـەوەی نیـەت ، وە ئیمـامی بوخاری ڕەحمەتی خـوای لێبێت لەحـەوت جێدا لە(صحیح)ە کەیدا ئەم فەرموودەیـەی هێناوە .

وە شـتێکی چەسـپاو و نـەگۆڕە لـە شـەرعدا ، کـە خـوای پـەروەردگار هـیچ عیبادەتێك وەرناگرێت ، تەنها ئەوە نـەبێت کە بە دڵسۆزی بـۆ ﷲ کرابێـت ، وەبەڵگـە لەسەر ئەمە زۆرە لـەقورئان وسـوننەت دا، لەوانە :

١- خوای پەروەردگار ﷻ ئەفەرموێت:

﴿ فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلاَ يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً ﴾[10]

واتە : هەرکەسێ ئومێدی وایـە لـە پۆژی دوایـی بـە ﷲ بگـات بـە خۆشـحاڵی و بەختەوەرییەوە ، باکردەوەی باش بکـات - بەگوێرەی شەریعەت - وە شیرکی تێدا بڕیـار نـەدا و بەدڵسـۆزی بـۆ ﷲ ئـەنجامی بدات بەبێ ڕیایی.

٢- فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ :

[بشر هذه الأمة بالسناء والتمكين في البلاد، والنصر والرفعة في الدين ، ومن عمـل منـهم بعمل الآخرة للدنيا ، فليس له في الآخرة مـن نصيب] [11] .

واتە: مزگێنی بدە بەم ئومەتە بە بـەرزی و دەسـەڵات لـە ولاتـدا ، وە سـەرکەوتن و سەربەرزی لەدینـدا ، وە هەرکەسـێ لـەوان کردەوەیـەکی دوا ڕۆژی بـۆ مەبەسـتی دونیایی ئەنجامـدا ، ئـەوا لـە دواڕۆژدا هـیچ بەشـی نـییـە و پاداشـت وەرناگرێتـەوە لەسەر ئەوکردەوەیەی.

٣- ئەبو ئومامە ﷺ فەرموویەتی :

(جاء رجلٌ إلى النبي ﷺ فقال : أرأيت الرجلَ غزا يلتمس الأجر والذكر ، ما له ؟ فقال : لا شيء له ، فأعادها ثلاث مرات ،

[10] (الكهف: من الآية ١١٠)

[11] ئیمامی ئەحمد ڕیوایەتی کردووە وئیمامی ئەلبانی بـە (صحیح)ی داناوە.

يقول له رسول الله ﷺ : لا شيء له ،ثم قال ﷺ : إن الله لا يقبل من العمل إلاّ ماكان له خالصًا وابتُغِيَ به وجهُه))[١٢]

واتە: كابرایەك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی: هەواڵم پێبدە دەربارەی پیاوێك ئەچێتە غەزا بۆ مەبەستی پاداشتی لای اللە و باس كردنی ناو خەڵكی ، چی بۆ هەیە ؟ فەرمووی : هیچی بۆنییە .

كابرا سێ جار ئەم پرسیارەی دوبارە كردەوە، پێغەمبەر ﷺ هەر ئەی فەرموو: هیچی بۆ نییە لە پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بەڕاستی خوای پەروەردگار هیچ كردەوەیەك وەرناگرێت تەنها ئەوە نەبێت كە بە دڵسۆزی بۆ ئەو ئەنجام درابێ و مەبەست پەزامەندی ئەو بوبێت.

لێرەدا زۆربەی كە دڵسۆزی (الإخلاص) پێویستە لە هەموو كردەوەیەكدا ، (ابن القيم) ئەڵێت :

هەروەك چۆن اللە تاكو تەنهایە ئاوەهاش پێویستە پەرستنیش هەر بۆ ئەو بێت بەتەنها و هیچ هاوەڵی بۆ دانەنرێت " چونكە كردەوەی چاك ئەوەیە بەتەنها بۆ خوا بێت و ڕیایی تێدا نەبێت و بە گوێرەی سوننەت بێت

وە پێویستە لەسەر فێرخواز مەبەستی بەزانست دونیا نەبێت ، لە وەدەست خستنی پلەو پایە و مااڵ ، یا خۆ هەڵكێشان بەسەر هاوڕێیانی ، وە یا گەورە بوون لە پێش چاوی خەڵكیدا ، چونكە ئەم شتانە ئەبنە هۆی لەدەست دانی پاداشتی دواڕۆژ.

وەزانست عیبادەتێكە لەعیبادەتەكان كە پێی نزیك ئەبینەوە لە اللە ، جا كاتێك نیەت لە زانست فێربونەكەدا پاك بوو، ئەوا عیبادەتێكی چاكە و گیرا ئەبێت و گەشەئەكات ، وە ئەگەر مەبەست تیایدا اللە نەبوو بەڵكو بۆ چەند مەرامێكی تر بوو ، ئەوە پوچ ئەبێت و هەوڵ و كۆششەكان بەفیڕۆ ئەچن ، وە لەوانەیە ئەو مەبەستانەش كە لە دونیادا ئەمانەوێ وەدەستیان بێنین لەدەستمان بچن ! ئەو كاتە ڕەنجەڕۆ ئەبین لە دنیا و قیامەتیش! .

ئەی برای خۆشەویستم :

بەوە هەڵ مەخەڵەتێ كە پێت بڵێن زانا ! ئەوە بێ سودە لای پەروەردگاری بەئاگا لەنهێنی و ئاشكرا ، كە وابوو با ترسی خوات لەدڵدا بێت، ئەو كاتە تۆ زانایت . وە

[١٢] نسائی ڕیوایەتی كردووە ، وە ئەلبانی فەرمویەتی : سەنەدەكەی (حسن)ە.

خۆت بپارێزە لە مەبەست بونی غەیری اللە

ئیمامی فەرموودەناس (عبد الله)ی کوڕی موبارەك بۆمان ئەگێڕێتەوە لە ئەبودەردائەوە ﷺ فەرموویەتی :

(إن أخوف ماأخاف إذا وقفت على الحساب أن يقال لي : قد علمت فما عملت فيما علمت؟).

واتە: لە هەموو شتێ زیاتر لێی بترسم ئەوەیە کاتێك ڕائەگیرێم بۆ حیساب پێم بووترێ : زانیاریت هەبوو ، چ کردەوەیەکت کرد بەو زانیاریە ؟.

سەرنج:

دەردێکی سەیر لەم چەرخەدا دەرکەوتووە کە نەریتێکی ڕۆژئاوایی ئەوروپییە و بەڵگەی نیەت پیسی یە، بریتی یە لە **زانست لەپێناو زانستدا** بە شوێن کەوتنی دروشمی :

(الفن من أجل الفن) و (الأدب من أجل الأدب)، وەیان **زانست لەپێناوی بڕوا نامە**.

ئەبینی خاوەنی شەهادەی دکتۆرایە و شانازی پێوە ئەکا بەسەر بەندەکانی خوادا ، هەرچەندە ئەو زانیاریەی هەیەتی هیچ لەخوا ترسانێکی بۆ پەیدا نەکردووە و هەر ڕۆژەی لەسەر بیرو بۆچونێکە .

بەڵام زانست لەبنەڕەتدا لەپێناو زانست نییە ، بەڵکو بۆ کردەوە پێ کردنە لە پێناوی اللە .

وەوا هەست ئەکەم کە ئەم دەردە نوێ نییە، چونکە پاڵنەرە شاراوەکانی لەدەروونداهەر بوەو زانیانی پێشوو پێیان زانیوە . وەئەم دەردە لەسنوری ئەوە دەرناچێت کەبریتی یە لەخۆشەویستیەکی شاراوە بۆ ئارەزوی خۆدەرخستن.

وە لەگەڵ ئەوەی کەزانست بۆ کردەوە پێ کردنە ، دەبینین لەم سەردەمەدا خەڵکانێك هەن کتێب ونوسراویان هەیەلەزانستە شەرعیەکان ، لە فیقە و حەدیس ، بەڵام لایەنی دینیان زۆر لاوازە ، بەشێوەیەکی وا کە تیایاندا هەیە نوێژ ناکات یان پچڕ پچڕ ئەیکات ، بەڕاستی ئەم دەردە بڵاوە و ئاڵۆزە ، خوا بە بەزەیی خۆی بمان پارێزێت.